ژمارە
37

# گۆڤاری
# ئەکادیمیای کوردی

٢٠١٧

# شارۆیەکی دیکە
# لە باخچەی ئەدەبی مەولەویدا

**محەمەد عەلی قەرەداغی**

ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

ساڵی ١٩٧٨ لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا پاش گەڕان و پشکنین و بەراوردێکی زۆر وتارێکم بە ناوونیشانی (شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی دا) بڵاوکردەوە، دوای بڵاوکردنەوەی بابەتەکە تا ئەم دواییانە کەسانێك بە گومانەوە و کەسانێکی دیش بە قەبووڵنەکردنەوە بۆ بابەتەکەیان دەڕوانی. ساڵان هاتن و چوون و قسەی زۆر لەسەر مەولەوی کرا و بابەتی زۆرتری لەسەر نووسرا. منیش لەو کاتەوە لە مەولەوی دانەبڕام و بە شوێن کەشکۆڵ و بەیاض و سەرچاوەوە بووم و، بەکاوەخۆ هەموو زانیارییەکی نوێم دەقۆستەوە و شوێنی شیاوی خۆیم دەدایێ. تا خودا یارمەتیی دام لە خەرمانی بەپیت و بەرەکەتی مەولەوی شتێکی نوێ و پێشتر بڵاونەکراوەم بەرهەم هێنا، کە شیاوی ئەوە بوو ببێ بە شارۆیەکی لەبار بۆ ئەوەی بخرێتە سەر خەرمانی مەولەوی و لە رەنی ئەو خەرمانە بە شکۆیەدا جێگەی خۆی بکاتەوە. ئەنجامەکەی بوو بەو (دیوانی مەولەوی)یەی کە ماوەیەك لەمەو پێش کەوتە بازاڕی کتێبخانەی کوردی.

دیوانی مەولەوی ئامادە کرابوو بۆ چاپ و دیزاین و ڕێکخستنی تەواو بوو بوو، لەو کاتەوە لە چەند لاوە چەند سەرچاوەی دیکەی دیوانی مەولەویم دەست کەوت کە هەندێك شیعر و بابەتی وایان تێدا بوو پێشتر هەلی وایان بۆ نەڕەخسا بوو لەو چاپەی دیوانی مەولەویدا جێگەی خۆیان بگرن.

وام بە باش زانی ئەو شیعر و بابەتە تازانە لە (شارۆیەکی دی لە باخچەی ئەدەبی مەولەویدا) بخەمە بەر دیدی خوێنەرانی ئازیز بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێ ڕا و بۆچوونێکی لەبارەی شیعر و بابەتێکی ناو ئەم (شارۆ)وە هەبێ بیخاتە روو، بۆ

ئـەوەی بـە یارمـەتیی خـودا لـە چـاپی تـازەی دیـوانی مەولەویـدا بـە پـوختی و پاڵفتەکراوی بخرێتە جێگەی خۆی و دیوانەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

-١-

پێشتر گوتوومـە و نووسـیومە: دۆزینـەوەی هـەر کەشـکۆلێکی شـوێنەواری زانایانی کورد دۆزینەوەی لاپەڕە گەلێکی زێڕینە لە مێـژووی گـەلی کـورد لـە بـوارە جیاجیاکاندا. لە ئەدەبییەوە بیگرە تا سیاسی و کۆمەلایـەتی و ئـابووری و ... بـە تایبەتی کە لە ڕووی چەند کەشکۆڵی جیاجیاوە لە ناوچە گەلی جیـای کوردسـتاندا بەرهەم هێنرابن و نووسرابنەوە و دیارە کات و شوێنی نووسینەوە و مێژووشیان لە جیاوازیی زۆر بەدەر نییە و لە ڕوویانەوە بارودۆخی کوردستان بخرێتە بـەر بـاس و کەو و بێژنگ بکرێت و کارەسات و ڕووداوی نەزانراو و نەنووسراو — لەوەو پـێش و — نەبیسـتراو دەسـت دەخـرێن، نـاو و بەرهـەمی چـەندین زانـا و ئـەدیب و شـاعیر دەخرێنـە پـاڵ نـاو و بەرهـەمی شـاعیرانی پێشـوومان و ئاسـۆی بـیر و زانیـاری و هۆشیاریش گەلێ ڕوونتر و بڵندتر دەبێتەوە. خەرمانی بەپیت و بەرەکەتی ئـەدەبی کوردیش ڕەنی بەرینتر و سووری درێژتر و شکۆدارتر دەبێ.

-٢-

بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی گەلێك لە مامۆسـتایان و ئەدەبدۆسـتان و دڵسـۆزانی ئـەدەبی کـوردی یارمـەتیی شـایان و بـێ مـاف و بەرانبـەریان دام و شوێندەستی هەر یەکێکیان لە شوێنی خۆیدا لەم چاپەی دیوانی مەولەویـدا دیـار و جێگەی سوپاسە.

ئـەو یارمەتیدانـەی ئـەو مامۆسـتا و ئەدەبدۆسـت و دڵسـۆزانە درێـژدار و نەبڕاوەیە و ئەم شارۆی ئێرە کەفاوڕێژی ئەو یارمەتیدانە نەبڕاوەیە کە هیوادارم بە هەمان گوڕ و تینەوە و — بگرە زیاتریش — لەسەر ڕەوتی پیرۆزی خۆی لـە پسـان نەیەت.

**سەرچاوەکانی ئەم باسە:**

وەك گـوتم مامۆسـتایان و ئەدەبدۆسـتان و دڵسـۆزان لـە کۆمـەکیکردنم درێغییان نەکردووە و ئەنجامی ئەو کۆمەکەی ئەوانە من دەتوانم لەسەر ئەم ڕێبازە پێ نەخەم و پەکم نەکەوێ و هاندانی ئەوانـە مایـەی حەسـانەوە و وشـکبوونەوەی ئارەقەی ماندوویێتیم.

ئەم باسەش بەری بەشێك لەو كۆمەكەیە و لێرەدا سەرچاوەكانی بە كورتی دەخەمە روو:

**(مص) بەیاضی ژمارە (١) سەید باقری هاشمی**

ئەم بەیاضە كە ناویم نا (مص) بەیاضێكی كۆنە شیعری چەند شاعیری كوردی تێدایە ساڵی ١٢٧٢ نووسراوەتەوە. لە لاپەڕە (٨٦)دا نووسراوێك هەیە باش ناخوێنرێتەوە هەوڵ دەدەم نزیك بە خۆی روونووسی بكەم:

" حسب الفرمودەی جناب ملا مصطفی قاری در زردوی نومیشته شد از دست جامی لاجل فقه ممی یوم پنجشنبه هفتم شهر جماذی الآخر .... اختیارات در مسجد حضرت عبدالله روزی كه رحمنی ... عروسی كرده سنه ١٢٧٢"

ئەم بەیاضە ماوەیەكی زۆر لە بێ نازیدا ژیاوە و منداڵ و نەفام بە قەڵەم یاری و خەتخەتێنیان تێدا كردووە و شپرزەیان كردووە و سەرو گوێلاكیان كوتاوە! نزیكەی سەد و سی لاپەڕەی لەو چەرمەسەرییە ڕزگاری بووە، سەرەتا و كۆتایی دیار نییە. دوو سێ كەس لە نووسینەوەیدا بەشدارییان كردووە. بە زۆری خەتەكانیان خۆشن. ئەو بەشەی كە لەو كارەساتە رزگاری بووە شیعری ئەم شاعیرانەی تێدایە.

مەولەوی، مەلا رەسووڵی فانیی خاڵی مەولەوی، یوسف بەگ. (حەیران = فەخرولعولەما) وەڵەوخان، (وەفا = شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی)، (داغی: شێخ عەبدوڵڵا). حەسەن عەلی خان والیی كوردستان.

ناوم نا (مص) لەبەر ئەوەی كە لەبەر خاتری مەلا مصطـــەفا ناوێك نووسراوەتەوە.

ئەمەش كورتەی ناوەرۆكەكەیەتی:

١. باسی حەمامی پاوە. حەمامی موستەوفی، بەهۆنراوەی محەمەد ناوێك بە هۆنراوەی گۆرانی

٩. هامسەران كەردم. شیعری محەمەد ناوێكە

١٤. یا حەق نەجاتم    محەمەد

٢١. یا حەق بە ئیخلاص    محەمەد

٣٠. کەریم کارساز

ئەم بابەتانە لە ١٢٧١دا نووسراونەتەوە

٤٦. بەرز بڵند ماڵ میرزا عەبدولقادری پاوەیی

لێرەدا نووسیویە جامی کوڕی مەلا ئەحمەدی بیسارانی لە نەوەی مصطفا دانیشتووی جوانرۆ تەریفەتی خالصیی لەبەر خاتری فەقێ عەلی ساڵی ١٢٧٢ لە ماڵی شێخ سەلیمدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نەجەف قولیخاندا نووسیویەتییەوە.

٥٥. میرزام خاڵ لەیل خانا

٥٦. مەعدوومیی نامەی نەفتینت

٥٨. مەلا ڕەسووڵی فانیی لە هاوشێوەی ئەودا

٦٠. یوسف بەگ عەیش یارانەن

٦٢. بەهارییاتی مەعدووم هانای هامسەران ئەرمەندەن

٦٤. حەیران لە هاوشێوەی ئەودا

٦٥. خامەی سەر ئازێر حەیران

٧٠. چون وەڵگ شادیی مەعدووم

٧٣. فەرمایش میرزا شەفیع لە موناجاتدا تاك تەوانا

٨٦. هەر هەمان نووسەرەوەی پێشوو جامی بە فەرمانی مەلا مصطفا لەبەر خاتری فەقێ عەلی ساڵی ١٢٧٢ نووسیویەتییەوە.

٨٧. مێژووی کچەکانی فەقێ عەلی

٨٨. کلام حسن علی خان چراخ یارانەن

٨٩. داغی

٩١. کلام شێخ حسن ای قریبە عین النبي!

٩٥. عەر عەر بێزەکەم

٩٨. چراخم دینت

١٠٠. مەلا وەڵەو خان گێسوو قەڵاخی

١٠١. کلام سلطان بایزید در کنار....

١٠٣. مێژووی ١٢٩١ بە دەستی محەمەد

١٠٨. دەرمانسازی

١١٠. خانا لە وەڵامدا	هەر من بەندەی تۆم

١١٢. شیعری چەند کەس

١١٧. میرزا غەفوور	ئافەرین مینا چەنیی کەماڵت

١٢٠. میرزا غەفوور	بەگزادەی جافان

١٢٤. چەند پارچە شیعری خاوەن نەناسراو

**بەیاضی ژمارە (٢) سەیید باقری هاشمی**

(حەسەن)

٣. گفتەی مەلا عەبدولعەزیزی بانەیی

٤. سەعدی

٧. موخەممەسی مەلا عومەری رەنجووری

٨. موخەممەسی مەلا لەسەر شیعری حافظ

١٥. موخەممەسی شێخ شەهاب

١٧. شێخ شەهاب

دڕاوی و ناتەواوی

٣٢. مێژووی ١٢٦٥ و ١٢٦٨

٣٣. حەسەن

٤٨. نامە بۆ مەولەوی؟

٤٩. حەسەن

٦٣. مەرثـــیەی فەوت مەرحووم شێخ رەضا ١٢٥١

٩٣. شێخ دەوڵەتمەند	مەولەوی

٩٥. درجواب خالوی مهربان	پەشێو وێنەی وێم

٩٦. نابوی حرارت ...	مەولەوی

٩٧. وە خیلافەوەن	مەولەوی

٩٨. ئیحیا نەبوون سا نەشوون وە مەردەن مەولەوی

٩٩. ئازیز دیارەن وادەی لوامەن مەولەوی

١٠١. وله في الساقيات .. والمغنيات ... والدرو
ویش نمەوینۆ ئازیز
١٠٢. وەش ئامای وە خەیر هەی بەرگوزیدە
١٠٣. نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو
١٠٥. هامن هامن وار
١٠٥. ئایینەی کامڵ
١٠٦. دڵە پڕ چینەن پێشانیی شەوقت
١٠٧. هەر ئەو دەورەن چەرخ
١٠٨. وەیمن دیارەن پەنجەی تارمەن

لەسەر چەند پارچە لەم شوێنانەدا هەندێ شت نووسراون لە نوسخەکانی دیدا نابینرێن وەك (وله، نضر الله ربيعه) (وله بصر الله عين عبرته)

١١٣. وله وصل اليه، شادی چەنی گرد خەم
١١٤. وله رزقه الله الوصال ئازیزم ئامای ئای

ناوم نا حەسەن چونکە بەرهەمێکی زۆری حەسەن ناوێکی تێدایە بە زاراوەی گۆرانی ئەگەر کۆبکرێنەوە سووکە دیوانێکی لێ پێکدێ.

لە کەشکۆڵی (مص)دا شیعر و ناوی حەسەن عەلی خانی والیی کوردستان هەیە. دوور نییە ئەم حەسەنە و ئەو حەسەنە یەك کەس بن.

## کەشکۆڵی موفتی

ئەم کەشکۆڵە لە شێوەی بەیاضدا نووسراوەتەوە و دەکرێ پێی نەڵێم کەشکۆڵ چونکە تایبەتە بە دیوانی مەولەوییەوە و شیعری کەسی دیکەی تێدا نییە.

دیوانەکە (١١٨) پارچە شیعری مەولەوی تێدایە تێکڕا (١٤٤) لاپەڕەیە، بە خەتێکی (نستعلیق)ی جوان نووسراوەتەوە.

لەو شیعرانەی کە تیایەتی هیچیان نییە لە چاپی یەکەمی دیوانەکەی لای مندا نەبێ، چەند پارچەی تێدایە کە لە چاپەکانی پێشوودا نەبوون و من یەکەم

جار لە چاپی یەکەمدا بڵاومکردوونەتـەوە. دەکرێ بـەم نوسخە بگوترێ دیوانی، چونکە لەبەر بەرپرسێکی ئەو سەردەمە و بۆ ئەو نووسراوەتەوە. نووسەرەکەی لە کۆتاییەوە نووسیویە:

"بعد ما مضى من عمري – تخمينا – خمس واربعون سنة، التمس مني أكرم زائر بيت الله الحرام، اغنى جناب الحاج ميرزا مصطفى خان الملقب بحاجي احتشام ديوان ان أكتب كلام المعدومى – رحمه الله – فسودته عجالة، وإن كنت مكرها للكتابة، امتثالا لامره، في سبع وعشرين من شهر شوال، وها أنا المذنب الأثيم عبدالكريم. سنة ١٣١٨"

واتە: دوای ئەوە بە مەزەندە ٤٥ ساڵ لە تەمەنم ڕۆیشتبوو بەڕێزترینی زیارەتکەرانی خانەی خوا حاجی میرزا موستەفا خانی ناسراو بە (حاجی احتشام دیوان) داوای لێکردم کە دیوانی مەعدوومی -خوا رەحمی پێ بکا – بۆ بنووسمەوە، بە ناچاری داواکەیم بەجێ هێنا و بە پەلە دیوانەکەم بۆ نووسییەوە. لە ٢٧ی مانگی شەوالی ساڵی ١٣١٨ ك دا. منیش بەندەی تاوانبار عەبدولکەریمم.

ناوم نا کەشکۆڵی موفتی چونکە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە (کتابخانەی مفتی) ئیتر چ موفتییەکە و چۆن لای (احتشام دیوان)ە و کەوتووەتە لای ئەو.

وێنەییم لە لایە.

## کەشکۆڵی ئەسەدوڵڵا

ئەم کەشکۆڵە کە ناوم ناوە کەشکۆڵی ئەسەدوڵڵا) یەکێکە لە کەشکۆڵە ڕەنگینەکانی کوردستان و بەری رەنج و شەونخوونیی سێ بنووسی بەڕێزی کوردە کە بەرهەمی بەشێکی زۆر لە شاعیرە ناسراو و نەناسراوەکانی کوردیان تێدا کۆکردووەتەوە. بەشی زۆری شیعری کوردی یان شیعری فارسیی شاعیرانی کوردە. ناوی گەلێ شاعیری کوردی تێدایە کە تا ئێستا لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا ناویان نییە، خوێنەری کورد نە بەناویان و نە بە بەرهەمیان ئاشنا نییە.

ئەم سێ کەسە کەشکۆڵەکەیان نووسیوەتەوە:

١. سەلیم بەگی کوڕی محەمەد ئەمین بەگی کانی ناو.

٢. ئەسەدوڵڵا بەگ.

٣. حەسەنی کانی ناوی.

دیارە بەشی زۆری حەسەنی کانی ناوی نووسیویەتییەوە. لەبەر ئەوە ناوم نا (ئەسەدوڵڵا)، چونکە وام بینی ئەم پیاوە شاعیرێکی قوتابخانەی مەولەوییە و سەرکەوتووانە پەیڕەوی ئەو ڕێبازەی کردووە. جگە لەوەش بەرهەمی زۆری لە کەشکۆڵەکەدایە کە ئەگەر بگونجێ یەك بخرێن و کۆبکرێنەوە دیوانێکی خنجیلانەی ئەو شاعیرە پێکدێنن.

بۆ ئاماژەش بۆ ئەم کەشکۆڵە (اس)م کرد بە نیشانە.

ئەم کەشکۆڵە (١٣٠) پارچە شیعری مەولەوی تێدایە.

ساڵی ١٣٣١ك نووسراوەتەوە.

تێکڕا (٥٠٣) لاپەڕەیە.

بۆ پیشاندانی توانای شیعریی (ئەسەدوڵڵا) یەك پارچە شیعری لێرەدا دەخەمە ڕوو.

**ئەسەدوڵڵا**

زمستان خەم رای شادیم بەستەن
هەناسان سەرد پای شەوق شکستەن
کەلیلەی حەسرەت گرتەن سەرکاوان
تەم مەینەتم وە گەردوون یاوان
گەردەلوول دەرد بەی طەور جەم بییەن
قاصید فیکرم عوبوورش نییەن
طەوف دەروونم خاتر یەخ کەردەن
قافییەی فەردم جە یادم بەردەن
ساقیی! فیدات بام سادەی هەی پەی کەی
نەی دەی بدەر هەی صاف جورعەی مەی
نەیچیی! سا دەخیل ساز دەر نەوای نەی
ناڵەی نەی بێ دەی بەیو پەیاپەی

موطریب ئامانەن چەنگێ دەر وە چەنگ
صەدا دەر وە تاق چەرخ مینا رەنگ
هانا موغەننی سا چون نەکیسا
جە عەنجەرەی خاص ئەرغەنوون ئاسا
سۆزەی نەواکەت بشۆ وە کاوان
ساکن بۆ هاژەی قەڵوەزەی ئاوان
دەروێش! توو پیرت قەدەم کەر رەنجە
بدەر لە رووی دەف لەرەی سەر پەنجە
بەزم جەم جە نۆ عوشرەت فەزا بۆ
جام دڵەی تەنگ گێتیی نما بۆ
نەسیم! های دەخیل نە صوب سەحەردا
بەرز بۆ هەناسەت وە دەشت و دەردا
مەر شنۆی شەماڵ لوطف یا وەران
بدەر وە هەمدا سوپای مەینەتان
زستان خەم نە دڵ فیرار بۆ
بەهار شادیم جیلوە نما بۆ [(١)]
خونچەی دڵەی تەنگ دەهەن کەرۆ واز
بوڵبوڵ نەواکەم بەیو نە پەرواز
سەوزەی نیشاطم خێزۆ جە دەروون
گوڵزار چەش کەرۆ لالە گوون

### بەیاضی گوڵپایگانی

ئەم بەیاضە بۆ دیوانی مەولەوی تەرخان کراوە.

سەرەتا و کۆتایی دیار نییە.

ئەوەی لە دەستدایە ١٠١ لاپەڕەیە. پێوانەی ١٧×١٢سم.

مێژووی نووسینەوەی دیار نییە، بە خەتی نستعلیق نووسراوەتەوە.

لە کتێبخانەی گوڵپایگانیدا لە (قوم) بە ژمارە: ٣٤٦٠ – ١٧/٢٤٠ پارێزراوە.

بەشێکی باش لە دیوانی مەولەوی تێدایە. بۆنەی وتنی پارچە شیعرەکانی کەم تێدایە، لە هەندێ جێگەیدا تێکەڵی و دیارینەکردنی سەرەتا و کۆتایی پارچە شیعرەکان دەبینرێت. دوو پارچەی بڵاونەکراوەی مەولەوی تێدایە.

### کەشکۆڵی موعتەمەدی

ئەم دەستخەتە بەیاضێکە لە بەیاضە رەنگینەکانی شوێنەواری زانایانی کورد.

ساڵی ١٣٠٠ك نووسراوەتەوە، نووسەرەوەکەی دیار نییە. ١١٠ لاپەڕەیە، پ: ٢١×١٣.

لە کتێبخانەی (أستان قدسی رضوی)دا بە ژمارە: ١١٠٩٢ پارێزراوە.

ئەبولوەفای موعتەمەدیی کوردستانی وەقفی کردووە بۆ ئەو کتێبخانەیە.

ئەبولوەفا بەسەر بەیاضەکەدا چووەتەوە و لەگەڵ جێدا قەڵەمی تێ بردووە و بۆنەی وتنی هەندێ لە پارچەکانی لە چاپەکەی مامۆستا مودەڕیسەوە گواستووەتەوە بۆ ئێرە.

لە کۆتاییەوە چەند پارچەی تێدایە لە چاپەکەی مامۆستادا نین بەڵام لەم چاپەی مندا جێگای خۆیان گرتووە. وێنەییم لەلایە.

بۆ سوود لێوەرگرتنی بە (مع) ئیشارەی بۆ ئەکەم

### کەشکۆڵی خانە شوور

ئەم کەشکۆڵەش یەکێکی دییە لە سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردی و شیعری گەلێ لە شاعیرانی کوردی تێدایە.

بەشێکی باشیشی ناوبەناو لە دیوانی مەولەوی تێدایە.

زیادەی لە چاپەکە تێدا نییە. چەند کەس بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردووە. یەکێك لەوانە سوڵتان پەنایە. لە شوێنێکدا دەڵێ: لە خانە شوور نووسراوەتەوە بۆیە ئەو ناوەم بۆ دانا.

وێنەییم لەسەر سیدی لە لایە.

بۆ سوود لێوەرگرتنی (خان) دەکەم بە نیشانە.

**شیوەنی شێخ عەبدولقادری دەرە دزانی بۆ مەولەوی:**

لە چاپی یەکەمدا لە بارەی شیوەنەوە بۆ مەولەوی نووسیم:

"مەولەوییەك کە ئەدەبەکەی ئەو دەنگە گەورەی دابێتەوە ... وەك هیوابڕاوی ئەوەش نەبووین کە شتانێك مابن لەمەولا سەرهەڵبدەن و وەڵامی ئەو سەرنجانە بدەنەوە..."

دیارە چاوەڕوانییەکەمان لە جێگەی خۆیدا بوو، برای هەمیشە بە دەنگەوە هاتووم کاك عیرفانی پارسا لەناو پاشماوەی کەشکۆڵێکدا ئەم شیوەنەی شێخ عەبدولقادری دەرە دزانی دۆزیبووەوە و بۆی ناردم.

ئێستەش دەڵێم: هیوادارم ئەمە دوا شت نەبێ لەم بوارەدا و، شتگەلی دی دەربکەون و لەم ئاسۆوە زانیاریی زیاتر لەسەر مەولەوی دەست بکەوێت.

لە بارەی خاوەنی شیوەنەکە — شێخ عەبدولقادری دەرە دزانی — یەوە شتێکی ئەوتۆ لە دەستدا نییە و لەسەر ژیانی هیچ نازانم. ئەوەندە هەیە دۆستایەتییەکی پتەو لە نێوانی مەولەوی و ئەم زاتەدا بووە و، نامەیەکی مەولەوی لە دەستدایە کە بۆ ئەم شێخ عەبدولقادرەی نووسیوە و نامەکە لە بەشی نامەکانی مەولەویدایە کە لە چاپی یەکەمدا بڵاوبووەتەوە و ئەمە سەرەتاکەیەتی:

دڵەن ئەر پڕ دەرد وەر مەیلش سەردەن
ئەر لوتف و ئەر قار روو وە لاش کەردەن

ل: ٦٩٤

**٢٧٤ کەشکۆڵی عیرفان / ٤**

مرثیة شێخ قادر دەرە دزانی کە بجهة مرحوم مولوی فرمودە(*)

(مەولەوی) لەقەب وە (مەعدووم) مەشهوور
ئیمامی سوننەت شێخی جەماعەت
قەلبی خەزێنەی ئەفکاری ئەبکار
شێخ سەعیدی ثانیی صاحیب بیضاعەت
مەجمەعولبەحرین مەقالیی و حاڵیی
ظاهیر و باطین پاك لە شەناعەت
گۆشەگیریی کرد لەم دنیای فانی
بە سەددی رەمەق کردی قەناعەت
هەوڵ و تەقەلای مەظلوومانی بوو
دەیکرد لای ظاڵم بۆیان شەفاعەت
مەشغوول بە ئیحسان بە هەزاران بوو
بە هەر میقدارێ بوێ ئیستیطاعەت
(بێ غەش) کۆچی کرد جەی دنیای فانی
بە نوور ئیمان بە تەقوا و طاعەت
(غش) هات بۆ تەئریخ ساڵی وەفاتی
(مغشی) کریا تا وەقتی ساعەت
جیسمی لە رەوضـــەی سەرای ئەلحەددا
رەوانی لە خولد ئەجری ئان طاعەت(٢)

* * *

جـە زوبان لاڵ بام جـە چەمان بام کوور
من مام تۆ لوای وە سەراچەی گۆڕ
مەکتووب موعجیز نە رۆم و عەجەم
جە دمای مەعدووم یەکسەر بی عەدەم
بە جازیبەی حوسن یوسف تەحریر
مەعموورەی دنیاش کەردە بێ تەسخیر
تەقریریش تەحریر شەك کەردە بێ حەك
چون نەصص قورئان ئاوردەی مەلەك

عەلیم بە ئیلهام تەعلیمش کەردەن
(روح الله) چەنێش چمان پەروەردەن
ئەسرم جە چەمان چون چەم سەرکەردەن
کۆچ تۆغت جە یادم بەردەن
ئانا چەند بەیتێ جە ئەبیات تۆ
نەقش ضـــەمیرەن یادم نمەشۆ:
تۆ دیای وە شۆن چەند صوبح نۆدا؟
سەوزەی خاك پاك یاران هامفەرد
فرێمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد
کەو سەوزەی ئێمەیش جە کام هەردێ بۆ
وە فەرش مەجلیس کام هامدەردێ بۆ؟

**٣٤٢ ف دلّداری**
**مەولەوی**(٣)

عەجەب ماوم لە شکلّی غونچە ناوە
کەمەر موو، قەمەر روو، کەچ کلّاوە
قسە شیرین، شەکەر لەب، دەم چو غونچە
شەوە موو و، زەقەن گۆ و، خوی گولّاوە
خەرامان کەبك و، عیشوەدار و، نازك
مەمك فنجان و، قەدد چون سەرو، لاوە
بە تیری ئەو، کە وەقتێ چاو هەلّێنێ
لە هەر لا عاشقە و جەرگی بڕاوە
چییە حەددی بگا لاو لاوی کەم فام
بە حەددی قەددی لاوی، صەد کە لاوە
ئەوەندە سەرکەش مەبن ئەی سەروو عەرعەر
لەکن ئەو قامەتی ئێوە بناوە
تەئەسوف کەم بخۆن ئەی لالەو و گولّ
لە رووی ئەو میهر و مەهـ قەدریان نەماوە

حەریفی من بە حاڵی من دەزانێ
کە ئەگریم و ئەڵێم: جەرگم توواوە!
حەریفی نییەتی[٤] نایەو[٥] نییە وا
سەراپا کون لە جەرگ و دڵ سوتاوە

ن – – (*)

ئازیزم بەردەن ...
جەو ساوە قیبلەم تەشریفش بەردەن
سەرتاپای ئەعضام خەریك دەردەن
دووریت یاونان حاڵم وە مەردەن
بە مەرگت قەسەم! شای شەکەر ڕازم
بینایی دیدەم، هەی ئاوات وازم
دووریت یاونان حاڵم وە مەردەن
حاڵ بەد حاڵیم حە حەد وییەردەن
خەریك جە دەست ماجەرای دەردان
جە لای دەردەوە، وێڵم سەرگەردان
وەی گشت دەردەوە، وەی رەنگ زەردەوە
وەی پەشێویی حاڵ بار وە دەردەوە
مەوینووم قیبلەم یاگەت وە خاڵی
سەر مەدۆ وەنێم حاڵ بەد خاڵی
پەی یاگەی خاڵیت – شۆخ شەکەر راز! –
چمان مەگێران جەرگەی من وە گاز
قیبلەم جە دووریت دیدەم بێ نوورەن
پەی جاگە خاڵیت بیناییم کوورەن
سەوڵ صاحیب فەڕ، شای نەونەمامان
جات خاڵیی نەبۆ بەشق ئیمامان!
خاپوور بۆ ئەو زێد تۆ نەبی تێدا

کەس بە وەصڵ شاد نەنیشۆ تێدا
جەزام سۆمای دەردان پەرداخم
جە جەستەی خەمبار خەریك داخم
هەزار بار دەرد و مەینەتم ناسان
شەو جە ناڵەی من عالەم هەراسان
نە صەبر، نە ئارام، نە شەو خاومەن
چون گەستەی ماران گلاراومەن
نە دەردم چون دەرد دەردە دارانە
نە زامم چون زام گەستەی مارانە
شەو کەیلەن هووناو وە لای جێمەدا
کافر وە زۆییش مەیۆ پێمەدا
بەی گشت دەردەوە دڵەی چاکەوە
جە دووریت مەنیوون سەر وە خاکەوە
بۆ باوەر تەشریف دیدەم نە راتەن
شیفای دەروونم گەرد پاڵاتەن
هۆرێزە بە یاد دین و ئیمانم
قەزای تۆ کەفێ — لەیلێ! — لە گیانم
وەرنە بە گیانت! شۆخ دیدە مەست
هەر کاتێ زانای بەر لوام جە دەست
هەر کاتێ زانای خەبەر ئاوەردەند
نەعش فلانیی وە مەقبەر بەردەند
قیبلەم! مەر ئەوسا — شای دڵنەوازەم —
تەشریف باوەری وە سەر جەنازەم
نیگا کەر وە زام [شونر!] قوببەی من
بدیە ئەو کاکۆڵ میرات کەفتەی من
بە پەنجەی زامان دڵەی صەد چاکم
بشۆرە کاکۆڵ ئالوودەی خاکم

ساتێ بنیشە بێ وە باڵینم
وێنەی دڵسۆزان بکەرە شینم
چونکە نەی دنیا نە یاوا کامم
بە تای زوڵف وێت بشۆ زامانم!
تەشریف باوەری وە گڵکۆمەدا
[بکری !] بە خاك سیای تۆمەدا
چونکە کوشتەی تۆم پەنێم نییەن عار
عەیب نییەن ئازیز زینهار صەد زینهار!

## پەراوێزەکان:

(١) ئەم بەیتە و بەیتی پێش ئەمە بزرکاو دیارن.

(*) شیوەنی شێخ قادری دەرە دزانی کە لە بارەی خوالێخۆشبوو مەولەوییەوە نووسیویە.

(٢) ئەم شیوەنە تا ئێرە لەسەر یەك قافییە و بە زاراوەی سۆرانی نووسراوە، لەمە بەدواوە بووە بە زاراوەی گۆرانی و بەو شێوە کۆتایی بە شیوەنەکە هێناوە.

(٣) ئەوەی تا ئێستە لە دیوانی کوردیی مەولەویدا نەبینراوە شیعرە بە زاراوەی کرمانجی خواروو. ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵیدا لەتەك شیعری کوردیی چەند شاعیری دیدا دانراوە، کە هەر یەکەیان بە روونی لەوانی دی جیاکراوەتەوە. لەسەر ئەم پارچەش نووسیویەتی (مەولەوی). مەولەوی لەم پارچە شیعرەدا کوردییەکی روون و رەوانی بەکارهێناوە و، هەوڵیشی داوە وشەی رەسەنی کوردی بخاتە ناو دێرە شیعرەکانەوە. مەبەستی لە (شەوە) ئەو شتە زۆر رەشەیەکە بە نموونە بۆ ئەو مەبەستە ئەهێنرێتەوە. مەبەستی لە (بناو) جۆرە دارێکە کە زۆر بەرز نابێتەوەو، بەرزیش ببێتەوە لق و پۆپی زۆرە و وەك عەرعەر و لاولاو راست هەڵناچێ.

(٤) (نییەتی) بە شێوەی نووسینەکەی بۆ (نیستیی)ش دەس دەدا.

(٥) لەسەر (ناپەو) نووسیویە: (فیە لطافة)

(*) ئەم پارچە لە (١ س) وەرگیراوە و لە نوسخەکانی دیدا نەمدیوە. ئەوە ناشارمەوە شیعرەکانی لاوازن و لە بوونیان بۆ مەولەوی دوور لە گومان نین.

# Journal of the Kurdish Academy

vol 37

# مجلّة الأكاديميّة الكُرديّة

العدد: ٣٧

چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین